# ئەفسانەی

# ڕەشەبای ژەهر!!

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

چیرۆکی زمناکۆ محەمەد ئەحمەد ئەفسانەیەکی پڕ لە نهێنی و پەنهانی ژەهر بارانی هەڵەبجە و نامۆیی دوای ٢٢ ساڵ (عەلی کیانی پور) لە مەشهەدەوە گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە، ئەمە ئەفسانەی کۆرپەیەکی سێ مانگی هەڵەبجەیە، لە ٨ سەرخێزان، تەنیا بە ڕێکەوت فاتمە خان و زمناکۆی کوڕی بە برینداری دەگەیەنرێتە تاران، دوایی چارەسەر، فاتمە خان دوای چەند مانگێک دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و زمناکۆی کۆرپەلە لەتارانەوە دەگاتە مەشهەد، کوبرا حەمید پور دەبێتە دایکێکی میهرەبان و (محەمەد)دەگرێتە خۆی بەخێوی دەکات، دوایی (٢١) ساڵ عەلی لە مەشهەدەوە دەگەڕێتەوە و بە فاتمە خانی دایکی شاد دەبێتەوە، ئەمە ئەفسانەیەکە لە سەدان ئەفسانەی ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال- ی نیشتمانەکەمان، باپێکەوە لەگەڵ دایکی زمناکۆدا ئەفسانەکانی عەلی بگرینە باوەش.

## دابڕان

شەوی (١٣/١٢-٣-١٩٨٨) هێزەکانی سوپای عێراق لە سەر سنور ودەوروبەر و ناوشاری هەڵەبجە تێکشکان، ئێوارەی (١٩٨٨/٣/١٥) هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی شاری هەڵەبجەیان ئازاد کرد، خەڵکی شار گەرمترین پێشوازیان لە پێشمەرگە کرد، هەستیان بە ئازادیی و ئارامی کرد، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەوان خاوەن ئەزمونی چارەکە سەدەیەکی ڕووبەڕووبونەوەی ڕژێمە توتالیتارەکانی عێراق

بوون، ڕووبەڕووی بارودۆخێکی ئاڵۆز بوونەوە، پێشبینی تراژیدیایەکی ترسناکیان دەکرد، ئەوان بۆردومانی فرۆکە جەنگییەکانی عێراقیان لە (١٩٧٤/٤/٢٦) و تاوانی گرتن و کۆمەڵکوژی مایسی ١٩٨٧ و خاپورکردنی کانی عاشقیان لە یاد بوو، دەیانزانی رژێمی تۆتالیتاری عێراق تاوانێکی پڕ لە جینۆساید بەرامبەر شارەکەیان بەرپا دەکات.

بەیانی (١٩٨٨/٣/١٦) خانەوادەی محەمەد ئەحمەد محەمەد کە پێک هاتبوو لە فاتمە (حەمە ساڵح مەحمود)ی هاوسەری و هەر شەش جگەر گۆشەکەیان (سەرتیپ، سەرکۆ، قازی، ئاکۆ، خەرامان، زمناکۆ) ڕوویان کردە ژێرخانەکەی ماڵی خۆیان، ئەو بەیانیە چوار ماڵی تریش ڕوویان کردە ژێرخانەکەیان (ئیبراهیم ئەحمەد فەتاح، ئەحمەد، محەمەد حسین، سۆیبە عەبدوڵڵا) سەعات (١١:٤٥) دەقیقە فرۆکە جەنگییەکانی عێراق گەیشتنە سەر ئاسمانی هەڵەبجە، بۆمبارانی ناو ئەو شارەیان کرد، دەنگی تەقینەوەی بۆمبەکان شاریان هەژاند، تا ئێوارەکەی فرۆکەکان ناو بە ناو بە بەردەوامی زنجیرەیەک بۆردومانی ئەو شارەیان کرد، لە سەعات (٤:٣٠)ی ئێوارەوە دەنگی تەقینەوە بۆردمانی فرۆکەکان لە دەنگی بەرزەوە گۆڕا بە دەنگی تلۆپ....تلۆپی نزم.

فاتمە چەند جارێک بە محەمەدی هاوسەری وت با لەگەڵ منداڵەکان دا ڕوو بکەینە دەرەوەی هەڵەبجە!!

محەمەد دەیوت : ژێرخانەکەی خۆمان لە هەموو شوێنێک باشترە.

دوای ئەوەی فڕۆکەکان بۆمبەکانیان بەسەر گەرەک و کۆڵان و شەقامەکانی شاردا بەردایەوە، دەنگی نزمی تەقینەوەی بۆمبەکە بووە هۆی ئەوەی خەڵکی شار لەژێرخان و حەشارگەکانیان بێنە دەرەوە.

محەمەد و فاتمە و هەر شەش جگەرگۆشەکەیان لە ژێرخانەکە هاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی لە شار دەربچن و ڕێگای عەنەب بگرنە بەر، هەر کە لە دەرگای حەوشەوە هەنگاویان نایە کۆڵان و نزیکەی (٥٠)مەتریان بڕی، دەیان تەرمیان لەم لاو ئەو لای کۆڵانەکە بینی، هەستیان بە هەناسە تەنگی و ئازار و نارەحەتیەک کرد.

محەمەد بە فاتمەی هاوسەری وت: ئەم بۆنە لە کیمیایی دەچێت، ئەوەتا دوکەڵی کیمیایەکە لە دەوروبەری ماڵەکەمان و گەڕەک بە چڕی بەرز دەبێتەوە، وا باشە

بگەرێینەوە بۆ ماڵی خۆمان، گەر ئێمەش بڕۆین، وەک ئەوانەی لە کۆڵانەکان بە لادا هاتون تیا دەچین، هیچ بوارێکمان نییە دەرچین.
فاتمە دەڵێ کاتێک گەڕاینەوە و گەیشتینە بەر دەرگای خۆمان ئاورم دایەوە (سەرکۆ و ئاکۆ و قازی وسۆییە)ی خەسوم لەگەڵ ئێمەدا نین، لەولاترەوە لە کۆڵانەکەدا بەلاداهاتون، ژەهری کیمیایەکە بە جۆرێک هێزی لێ بڕیبوین، نەمان دەتوانی تەرمەکانیان بە دوای خۆماندا ڕاکێشین بەرەو ماڵەوە.
لەو کاتەدا کە لە دەرگای حەوشەوە هەنگاومان نا بەرەو ماڵەوە، (خەرمانی)ی کچم بە باوەشی باوکیەوە بوو، زمناکۆش تەمەنی سێ مانگ بوو بە باوەشی خۆمەوە بوو، هەر کە گەیشتینە ناوحەوشەکە (سەرتیپ)ی کوڕە گەورەم لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا بوو، هاواری کرد:
- دایکە سوتام!
محەمەدی هاوسەرم وتی:بۆ ئەوەی خۆمان لە ژەهری کیمیاییەکە بپارێزین، پێم باشە هەموومان بچینە سەربان.
منیش پێشوتر زمناکۆم (قوماد) کردبوو، لە بەر هەیوانەکە دامنا و پەڕۆیەکی تەڕم خستە سەردەم و چاو و لوتی، بیستبوم پەڕۆی تەڕ و ئاو باشە بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری ژەهری کیمیایی.
ڕووم کردە بیرەکە و سەتڵێک ئاوم لە بیری حەوشەکەمان هەڵگۆزی، بە سەتڵە ئاوەکەی دەستمەوە، هاوکاری (سەرتیپ)ی کوڕم کرد بۆ ئەوەی بە دەم ئازاری سوتانەوەی جەستیەوە بە پەیژەکەدا سەرکەوێت بۆ سەربان، دواتر خۆشم بە سەتڵە ئاوەکە گەیشمە سەربان، هەستم دەکرد، سەرم قورس بوو، وردە وردە هۆشم لە دەست دەدا، گوێم لە دەنگی کۆرپە ساواکەم بوو لە هەیوانەکە لە خوارەوە دەگریا، بەڵام توانای ئەوەم نەبوو بە پەیژەکەدا بچمەخوارەوە و ئەویش بگرمە باوەش و بیگەیەنمە سەربان.
لەبەیانییەوە چەند جار بە هاوسەرەکەم راگەیاند کە ئێمەش وەک ئەو خەڵکە رووبکەینە دەرەوەی شار، بەڵام ئەو لەبەرئەوەی ژێرزەمینمان هەبوو، دەیگوت : نا ژێرزمینەکەی خۆمان لە هەموو شوێنێک باشترە!
نەیدەویست ڕووبکەینە هیچ شوێنێک، ئێستاش دوا دەنگ و دوا وەسیەتی مێردەکەم

لە یاد ماوە وتی: (هەڵەی من بوو ئێوەم نەبردە دەرەوە، داواتان لێ دەکەم گەردنم ئازاد بکەن).
لەو کاتەدا منیش لە تەنیشت ئەوەوە بووم، هەرچەندم کرد نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، دەمویست قسە بکەم، قورگم گیربوو، زمانم بەجۆرێک شکابوو نەمدەتوانی هیچ بڵێم، ئیتر ئاگام لەهیچ شتێک نەما، کاتێک تۆزێک هۆشم پێدا هاتەوە لە نەخۆشخانەیەکی شاری کرماشان بووم، بەڵام نەمدەزانی ئەوێ نەخۆشخانەیە و ئێرانە، دوای شەو و ڕۆژێک چارەسەر و تەداوی بەردەوام ئەمجا کەمێک هۆشم پیاداهاتەوە، بەڵام نەمدەزانی لە کوێم، چاوەکانم نەیدەبینی، بەدەم ئازاری توندی جەستەم و چاوەکانمەوە گوێم لە هاوار و گریانی ژن و منداڵ بوو، لە بەر ئەوەی باری تەندروستی ئێمە زۆر قورس بوو، ژەهری کیمیاییەکە بە چڕی کاری کردبووە سەر مێشک و چاوو جەستەمان، ئێمەیان گواستبووەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی تاران، لەوێش هەر بێ ئاگا بووم، دوای چوار ڕۆژ چارەسەری بەردەوام، تارادەیەک کەمێک هۆشم بە بەردا هاتەوە، وەک لە خەونێکی قوڵدابم، دیمەنی یادەوەرییە تاڵەکانم وەک وێنەیەکی کاڵ دەهاتەوە بەرچاوم، هەستم کرد من لەگەڵ هاوسەرەکەم و جگەرگۆشەکانم دا لە ماڵی خۆمان بووم لە هەڵەبجە، چۆن گەیشتومەتە ئەم شوێنە؟ کێ منی هێناوە بۆ ئێرە؟ ئەو پرسیارانە بروسکە ئاسا، زنجیرەی بیرکردنەوەی منی کردەوە، دیمەنی ژێر زەمینەکەی خۆمانم هاتەوە یاد، دواتر دەرچونمان بۆ کۆڵان و دیمەنی تەرمەکانی کۆڵان و بەلاداهاتنی هەرسێ منداڵەکەم و گەڕانەوەمان بۆ حەوشەوەکەی خۆمان دیمەنی پەیژە و بیرەکە و سەربان و وەسیەتی هاوسەرم هاتەوە یاد.
لەو کاتەدا دیمەنی (سەرتیپ)ی کوڕم هاتەوە یاد، کە بە سەتڵەکە ئاوم دەکرد بە سەریا و تا هیزم تیا بوو دەمقیژان، کەس گوێ ی لە هاواری ئێمە نەبوو هەستم کرد هیچ کام لە ئەندامانی خێزانەکەم لەگەڵدا نیە هەر خۆم بە تەنیا لەگەڵ چەند بریندارێکی تری وەک مامۆستا عەبدوڵڵا عەبدولعەزیز یەناخی کە ئەو لە هۆڵێکی تردا بوو، دوای چەند ڕۆژێک کە گڕوتینێکم پێدا هاتەوە لەسەر قەرەوێڵەکەم هەستام وام دەزانی هەموو ئەندامانی خانەوادەکەشم لەگەڵ مندا لە هەمان نەخۆشخانەن نەخۆشخانەکە چەند نهۆمێک بوو سەرکەوتم بۆ هەموو نهۆمەکان یەک بە یەک هەموو قەرەوێڵەکانم بەسەر کردەوە بە تەواوی سەیری روخساری هەموو بریندارەکانم کرد

روخساری هیچ کام لە ئەندامانی خانەوادەکەم لەوێ نەبینیەوە هەستم بە خەمێکی قوڵا و ئازارێکی توند دەکرد ٢٠ ڕۆژ لەو نەخۆشخانەیە لە ژێر چارەسەر و تەداوی بەردەوامدا بووم لەو ماوەیەدا هەر هۆشم لای هاوسەر و جگەر گۆشەکانم بوو دواتر من و چەند بریندارێکی تریان بە پاسی گەورە برد بۆ شاری سنغورد سەعات ٣ی شەو گەیشتینە ئەوێ ئێمەیان بردە یەکێک لە قوتابخانەکانی ئەو شارە کە چوومە ژورەوە پڕ بوو لە ژن و پیاو منداڵی هەڵەبجە ئەوەندە قەرەباڵغ بوو شوێنێکمان چنگ نەکەوت تیا بسرەوین ئەو شەوەم زۆر بە زەحمەت بەڕێ کرد سپێدەی بەیانیەکەی رووم کردە ناو گۆڕەپانی قوتابخانەکە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت یەکێک لە ئەندامانی خانەوادەکەم ببینمەوە هەموو پۆلەکانی قوتابخانەکە گەڕام پڕبوون لە خەڵکی شارەکەم بەڵام سۆراخی کەسیانم نەکرد هیچ هیوایەکم نەما تا ئەو کاتەی حەمۆمین پورزای هاوسەرەکەم لەوێ بینی.

وتی: ها دادە فاتم کوا کاک محەمەد و منداڵەکان منیش پێم وت من بریندار‌بووم چەند ڕۆژە لە نەخۆشخانەیەکی تاران کەوتوم هیچ هەواڵێکیان نازانم هەر لە هەڵەبجە لە یەک دابڕاوین تۆ هیچ هەوڵێکیان نازانی؟

ئەویش وتی من پێشمەرگەبووم لە شەڕێکدا بریندار‌بووم لە نەخۆشخانەبووم لەبەرئەوەی هیچ هەواڵێکی ئێوەم نەدەزانی هاتووم بۆ ئەوەی سۆراخێکی ئێوە بکەم.

بە حەمۆمینم وت: من لیرە بەتەنیام بەڵکو یەکێک لە کەسوکارەکەم بۆ بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی لایان بگیرسێمەوە.

حەمۆمین منی برد بۆ لای محەمەدی ئامۆزای هاوسەرەکەم لە سنغورد سێ ڕۆژ لەلای ئەوان مامەوە دواتر ئێمەیان گواستەوە بۆ شاری (هەرسین) لەوێ چومەلای حەمە سەعیدی ئامۆزای مێردەکەم کە بەخاو خێزانەوە لە یەکێک لە قوتابخانەکانی هەرسین بوون ئەویش پڕ بوو لە خەڵکی هەڵەبجە.

چەند ڕۆژێک لەوێ مامەوە خاڵە حەسەن خاڵی محەمەدی هاوسەرم لە کەنگاوەر بوو کە هەواڵی زانی من لە (هەرسین)م لە کەنگاوەرەوە هات بۆ هەرسین بۆ لام و منی برد بۆلای خۆیان، مانگێک لە لای ئەوانیش مامەوە، ئەختەری دشم خوشکی مێردەکەم ئەو کاتە لە ئۆردوگای سەقز بوو کە هەواڵی منی زانیبوو والی هاوسەری نارد بە شوێنمدا، ٢٥ ڕۆژیش لای ئەوانیش مامەوە کاک والی زانیبوی محەمەدی

هاوسەرم و منداڵەکانم شەهیدبوون بەڵام نە بە هاوسەر و منداڵەکانی وتبوو نە بە منیشی دەوت.
ئەو کاتانە ماڵی باوکم لە شاری سەیدسادق بوو، دوای کیمیابارانی هەڵەبجە ڕژێمی عێراق ئەو شارەی هەمووی خاپورکرد خەڵکی شارەکەیان ڕاگواستبوو بۆ ئۆردوگای باریکە و نەسر، ماڵی باوکم رویان کردبووە گەڕەکی هەوارەبەرزە لە سلێمانی، من لەگەڵا خاڵە حەسەن دا هەموو ئۆردوگاکانی ئێران بۆ هاوسەرو جگەرگۆشەکانم گەڕام، هیچ سۆراخێکیانم نەکرد، تەنیا هەواڵی سەرتیپی کوڕە گەورەم وخەرامان ی کچم لە ئەحمەد عەلی کڵکنی بیست، ئەو وتی: سەرتیپ و خەرامان بەهۆی کاریگەری ژەهری کیمیاییەکەوە لە سەربانەکەی خۆتان گیانیان لەدەست دابوو، خەڵکی هەڵەبجە تەرمی هەردووکیانی لەناو حەوشەکەی ماڵی خۆتاندا بەخاک سپاردبوو.
فاتمەخان وتی: شەو و ڕۆژ لە تەنیاییدا لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا بۆ هاوسەرەکەم و جگەرگۆشەکانم دەگریام، هیچ هیوایەکم بە ژیان نەمابوو، هەندێ جار دڵی خۆم بەوە دەدایەوە کە هەر دەبێ بیانبینمەوە و بە یەکتر شاد بینەوە، تا ١٩٨٨/٨/٦ لە ئۆردوگای سەقز لە ئێران مامەوە.
ماڵی باوکم هەواڵی ئەوەیان پێگەیشتبوو، کە هاوسەر و جگەرگۆشەکانم هەموویان لە ناوماڵی خۆمان لە هەڵەبجە شەهید بوون، تەنیا من ماوم و بەهۆی کاریگەریی ژەهری کیمیاییەکەوە هۆشم لەدەست داوە، دواتر باوکم، ئیبراهیمی برامی بەڕێگەی قاچاغ نارد بۆ کەنگاوەر، ئەوان وایان زانی بوو من هەر لەوێ ماومەتەوە، دوای ئەوەی زانیاری تەواویان پێگەیشتبوو (برایم)ی برام و فاتیحی زاوامان ئەویش بەدوای سۆراخی دایکیدا دەگەڕا روویان کردە سەقز، پێکەوە لە سنوری قەندیل- ەوە، لە قەڵادزێ و رانیەوە گەیشتینە ناوشاری سلێمانی، لەماڵی باوکم مامەوە، هیچ سۆراخێکی ئەندامانی خانەوادەکەم دەست نەکەوت، شەوورۆژ چاوەڕوانی هەواڵێکیان بووم، دوای ئەو هەموو نەهامەتیانە نەمدەتوانی بەئاشکرا بگەڕێم، هەواڵیان لە کەس بپرسم، دوای چەند مانگێک رژێمی عێراق بواری ئەوەیان بۆ خەڵکی هەڵەبجەی ئاوارەی سلێمانی وهەولێر و نەسر و باریکە و زەڕاین رەخساند بۆ ئەوەی سەردانی خانوەکانیان لە هەڵەبجە بکەن، چییان ماوە لە کەل وپەل وپێداویستیەکانیان لەگەڵا خۆیاندا بهێنن، چونکە ئەوان بەنیازن هەرهەمووی خاپوربکەن، بۆ سڕینەوەی ئەو

شارە و ونکردنی سیمای ئەو شارە بۆ هەتا هەتایە، ئێمە لەگەڵ چەند خزمێکم سەردانی خانووەکەی خۆمانم کرد بۆ ئەوەی روفاتی سەرتیپ و خەرمان لە حەوشەکەی خۆمان دەربهێنین و بیگوێزینەوە بۆ گۆڕستانی شەهیدان، بە هاوکاری خزمەکانم توانیمان ئەو کارە جێبەجێ بکەین. دوای ئەوەی بە دڵێکی بریندار و خەمێکی گەورەی قوڵ



زمناکۆ محەمەد ئەحمەد (عەلی)

ویادەوەرییەکی تاڵەوە، بە ماتی ومەلولییەوە، لە هۆشی خۆم چووم وگەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

ئەو کاتانەی رژێمی عێراق لێبوردنی بۆ خەڵکی هەڵەبجە و کەس وکاری ئەنفالەکان لە ئێران دەرکرد، هەموو هەست وهۆشی من لەلای ئەو خانەوادانە بوو کە لە ئێران دەگەڕانەوە، خۆم گەیاندە لای زۆر خانەوادەیان بەڵام هیچ کامیان هەواڵی ئەوانیان نەدەزانی، چەند ساڵێکم لە ماڵی باوکم لە ئۆردوگای نەسر بەڕێ کرد، شەوێکیان لە ماڵی خۆمان دانیشتبووم لە کەناڵی (کوردسات)ەوە گوێم لە هەواڵی دۆزینەوەی منداڵێکی شاری هەڵەبجە بوو، کە ئەو کاتەی ئەو منداڵە لە هەڵەبجەوە گەیەنراوەتە ئێران تەمەنی سێ مانگ بوو، ئێستا تەمەنی (٢٢) ساڵە، هەر لەو کاتەدا وێنەی عەلی نیشان دا لەسەر شاشەکە بە فارسی قسەی دەکرد، وەرگێڕەکە قسەکانی ئەوی دەکرد بە کوردی، یەکسەر ئەو کاتە بروسکە ئاسا روخساری عەلی لە ناو

چوارچێوەی شاشەکە و لەناو کامێرای چاوی مندا بووە و بە زمناکۆ سێ مانگەکەی (١٩٨٨/٣/١٦) ئەو کاتەی لە هەیوانەکەی ماڵی خۆمان دامنا، دەگریا، دڵم پڕبوو هیچم پێ نەدەگوترا، ئەوەی مایەی تێڕامانە روخساری عەلی هەر لە دەم و چاوی (سەرتیپ)ی کوڕە گەورەم دەچوو.

## هەواڵەکەی کوردسات

یەکسەر رووم کردە مامۆستا رەئوف-ی هاوسەری ئێستام و پێمووت:

رەئوف شێوەی قسەکردن و روخساری ئەو کوڕە هەست و رۆح و دڵم دەهەژێنێت، زیاد لە سنور گومان دەکەم ئەم عەلی - یە، زمناکۆی کوڕم بێت، ئەوکاتەی



لەهەیوانەکە دامنا.هاوسەرەکەم پێی رایگەیاندم: تەلەفۆن بکەم بۆ ئاراس عابید جێگری بەرپرسی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە. تەلەفۆنم بۆ ئاراس عابید کرد.

ئەویش ژمارەی تەلەفۆنی ماڵی ئێمە و....... هەموو ئەو زانیاریانەی کە من هەمبوو لەسەر زمناکۆی کوڕم لای خۆی تۆماری کرد، پێموت: عەلی ئێستا بەو نیشانانەوە زۆر لە زمناکۆی کۆرپەی سێ مانگمەوە نزیکە.

ئەویش وتی: سبەینێ عەلی دێنن بۆ مۆنۆمێنتی هەڵەبجە لەوێ دەتوانی بیبینی. بۆ

ڕۆژی دوای کە گەیشتمە ئەوێ چەند خانەوادەیەکی تری خەڵکی هەڵەبجە لەوێ بوو، ئەوانیش وەک من لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ جگەرگۆشەکانیان لە هەڵەبجە و ناو ئێران ونبوە، هەر هەمووومان لەوێ لە بارودۆخێکی پڕ لە دوودڵی و پڕ لە شادمانیدا بووین کە ئێستا ماوەیەکی تر جگەرگۆشە ونەکەی خۆمان دەدۆزینەوە، هەر کە (عەلی) م لەوێ بینیم، بە جۆرێک ناخم هەژا، نازانم بە چ زمانێک گوزارشتی لێ بکەم، نەمدەزانی بە چ زمانێک پڕ بە گەروم، پڕ بە هەڵەبجە، دنیا هاوار بکەم، ئەمە عەلی -یە، زمناکۆکەی منە..... لە دڵی خۆمدا لێکم دایەوە..... کێ بڕوا بەو زمان و دڵ و ناخ و سۆز و ڕۆحە دایکایەتییەی من دەکات؟ تا بەشێوەیەکی زانستی ڕاستیەکان خۆیان دەرنەکەون، چرکە بە چرکە حاڵەتی من زیاتر دژوار و پڕ لە گومان و نا




ئارام دەبوو، وەک ئەوکاتەم لێ هاتبوو کە بە ئۆردوگاکاندا بە دوای یەک بەیەکی جگەرگۆشەکانمدا دەگەڕام، هەر کە کۆرپەیەکم بە باوەشی هەر دایکێکەوە بدیایە، دەچومە نزیکیەوە، پڕ بە دڵم سەیرم دەکرد، دەموت نەک زمناکۆکەی من بێت، ماچێکم دەکرد، هەناسەیەکی پڕ لە نائومێدیم هەڵدەکێشا.

هەموو ئەو خانەوادانەی کە لەوێ بوون دڵیان هەر وەک دڵی من قوڵپی دەدا و هەر هەموو ئەو خانەوادانەی کە لەوێ ئامادە بوون و گومانیان دەکرد عەلی کوڕی ئەوان بێت یا کوڕی ئەوان نەبێت، داواکارییەکەی ئێمە ڕووبەڕوی بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان وئەنفالکراوەکانی هەڵەبجە کرایەوە بۆ ئەوەی هەر هەمووومان بە شێوەیەکی فەرمی ڕووبەڕوی دادگا ببینەوە، هەمووومان لەوێ سکاڵای خۆمان تۆمار کرد، بۆ ئەوەی

بزانین (عەلی) کوڕی کامانە، دادگای هەڵەبجە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفال بەوپەڕی ڕێزو بە پەرۆشیەوە، بەدواداچونی یاساییان بۆداواکەی ئێمە خستە ڕوو، بە پەرۆشەوە ڕوو بە رووی پزیشکی دادوەری سلێمانیان کردەوە، ئەوانیش نمونەی خوێنیان لە هەموو ئەو خانەوادانە وەرگرت لەگەڵ خوێنی (عەلی) دا و ناردیان بۆ ئوردون بۆ ئەوەی پشکنینی خوێنی DNAی بۆ بکەن، دوای ماوەیەک وەڵامی ئەنجامی پشکنینەکە لە ئوردونەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی.
لە ڕێورەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی نوێنەری حکومەت و حیزبە سیاسییەکان و کەناڵی ئاسمانی کوردسات و سەرجەم کەناڵەکانی کوردستان لە ٢٠٠٩/١٢/٣ دا لە ناو مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجەدا، دوای خوێندنەوەی چەند وتارێک ئەنجامی پشکنینەکە لەلایەن دادوەرەکەیەوە خوێنرایەوە، کە عەلی کوڕی فاتمە حەمە ساڵح مەحمود-ە بەڕێژەی (٩٨٪)، فاتمە خان پێش ئەوەی ئەنجامی پشکنینەکە ئاشکرا بێت لە بارێکی دەروونی زۆر ئاڵۆزدا بوو، هەر کە گوێی لەناوی عەلی بوو کوڕی خۆیەتی، لە خۆشیا لە هۆش خۆی چوو.

## بەسێ مانگی گەیشتە تاران و مەشهەد

زمناکۆ محەمەد ئەحمەد محەمەد لە ١٩٨٧/١٢/٢٢ لە هەڵەبجە لە دایک بووە، تەمەنی ئەم کۆرپەیە سێ مانگ بووە، لە ئێوارەی ١٩٨٨/٣/١٦ ئەو کاتە فرۆکە جەنگیەکانی عێراق، دوای بۆمبارانی هەڵەبجە کیمیابارانی دەکەن، بە باوەشی (فاتمە حەمە ساڵح مەحمود)ی دایکییەوە دەبێت، لە هەیوانەکەی ماڵی خۆیان دایدەنێت لەو کاتەوە لە خانەوادەکەی دابڕاوە، تیمی فریاکەوتن ئەم کۆرپە بریندارە و چەندان بریندای تر لە هەڵەبجەوە دەگەیەننە نەخۆشخانەیەکی کرماشان، لەبەر کاریگەری برینەکانیان دەگەیەنرێنە نەخۆشخانەیەکی تاران، دواجار ئەم کۆرپەیە و چەند منداڵێکی تریان بردۆتە نەخۆشخانەی ئیمام ڕەزا لە شاری مەشهەد.
لە نەخۆشخانەی ئیمام ڕەزای مەشهەد (٧) منداڵیان بەهۆی چڕی کاریگەری ژەهری کیمیاییەکەوە گیانیان سپاردووە، دوای هەفتەیەک باری تەندروستی ئەم کۆرپەیە باشتر بوە، بردویانەتە (لانەی بەخێوکردنی منداڵانی شەهید و بێ سەرپەرشتیاران) لە مەشهەد، سەید حەسەنی حسێنی لێپرسراوی ئەو خانەیە ناوی ئەو کۆرپە سێ

مانگەی ناوناوە (عەلی) وساڵی لە دایکبوونەکە بە ١٣٦٦/١/١ تۆمارکردووە.
کوبرا حەمید پور لە ساڵی ١٣٣١ دا لە شاری عەبادان لە دایکبووە هاوسەری (مورتەزا کیانی پور) بوو، ئەمان لەشاری عەبادان دەژیان، لە ساڵی ١٩٧٧دا، سێ ساڵ پێش ئەوەی شەڕی عێراق- ئێران هەڵگیرسێ، مورتەزا کیانی پور-ی هاوسەری بەهۆی نەخۆشی گورچیلەوە گیان لەدەست دەدات، کوبرا خۆی سەعیدی کوڕی کە لە دایکبووی ١٣٥٢ و فەریدی کوڕی کە لەدایکبووی ١٣٥٥ بەخێو دەکات، کە شەڕی عێراق ئێران لە مانگی ١٩٨٠/١٠/٩ بەرپا دەبێت، بە هۆی بۆردومان و تۆپبارانی تونی عەبادانەوە لەلایەن هێزەکانی سوپای عێراقەوە، کوبرا حەمید پور و هەردوو کوڕەکەی سەعید و فەریدە روو دەکەنە شاری مەشهەد و لەوێ نیشتەجێ دەبن، کوبرا خانم ژنێکی زۆر میهرەبان و هەست ناسک بووە، بە خۆبەخشانە روودەکاتە خانەی منداڵانی شەهید و بێ سەرپەرشتاران و لەوێ لەگەڵ چەند ژنێکدا دەبن بە دایکی ئەو منداڵانە و خزمەتیان دەکەن، هەر کە ئەو کۆرپە سێ مانگە دەبینێت سۆز و خۆشەویستی دایکانەی قوڵپ دەدات و ئاغای سەید حەسەنی حسێنی پێی دەڵێت: ئەم کۆرپەیە من ناوم نا (عەلی) دایک و باوکی لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا شەهید کراون.
کوبرا خانم یەکسەر، داوا لە سەید حەسەنی لێپرسراوی خانەکە دەکات، دەڵێت: من ئەم کۆرپە سێ مانگە هەڵەبجەییە دەبەمە لای خۆم و دەبم بە دایکی وخۆم بە دڵ و بە گیان بەخێوی دەکەم.
کوبرا حەمید پور، عەلی بردەماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی بلواری ٢٢ی بهمن/ مجتمع مسکونی پردیس/ بلۆکی سێ/ پلاکی ١٠٣، ئەم شوقەیە لە نهۆمی دووەم بوو، بریتی بوو لە یەک ژووری نوستن و هۆڵێک و موبەقێک و مشتەمەلات.
عەلی لە باوەشی میهرەبان و سۆزی کوبرا خانمدا، هەستی بە سۆزی دایکایەتی و میهرەبانی و خۆشەویستییەکی بێ سنور دەکرد، وای دەزانی ئەو دایکیەتی و فەرید و سەعدیش براین.
کوبراخان، عەلی لە تەمەنی (٥) ساڵیدا خستە باخچەی ساوایانی (مهدی کودکی بونیادی شەهید) لەو تەمەنەدا عەلی پرسیاری باوکی لە کوبرا خانی دایکی کردووە، ئەویش پێی وتووە مورتەزای باوکت بەهۆی نەخۆشی گورچیلەوە چەند ساڵێک

لەمەوبەر کۆچی دوایی کردووە، بژێوی ژیانی ئێمەش لەسەر ئەو بڕە پارەیەیە کە هەموو ساڵێک کۆمپانیای دڵنیایی پێماندەدات، لەبەرئەوەی باوکت لە نەوتی عەبادان بوو.

عەلی دەڵێت: دایکم بە جۆرێک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکردم، من هەستم بە شادمانی و بەختەوەری دەکرد لەگەڵ هەردوو برا گەورەکەمدا، ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوان هەڵسوکەوتێکی وا نامۆیان نەکردووە تا من گومان بکەم، یاخود وەک کەسێکی دەرەوەی خانەوادەکەیان رەفتارم لەگەڵدا بنوێنن.

هەر کە عەلی تەمەنی بوو بە (٦) ساڵی دایکی سەردانی توێژەری کۆمەڵایەتی پسپۆری وردی کرد، چیرۆکی عەلی بێ دایک و باوکی هەڵەبجەیی بۆ گێرایەوە، چۆن وەک هەستی مرۆیانە عەلی لە خانەی منداڵانی شەهید و بێ سەرپەرشتانەوە بردۆتە لای خۆی لەو کاتەوە کە (٦) ساڵ دەکات، عەلی هەر وا دەزانێ کوبرا حەمید پور دایکیەتی و کوڕی ئەو خانەوادەیەیە.

توێژەری کۆمەڵایەتییەکە پێی وتبوو: بەپێی دەرفەتی گونجاو لەبار هەوڵبدەن لە عەلی بگەیەنن ئەو خەڵکی هەڵەبجەیە و دایکی و باوکی لەو شارەدا بەهۆی کیمیابارانی فرۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە شەهیدکراون.

بەڵام ئەوە (٦) ساڵە تۆ کوڕی منی، من دایکی تۆم، فەرید و سەعید برای تۆن، هیچ جیاوازیەک لە نێوان هیچ کامتان نییە، بەڵام ئەگەر نهێنی ئەم چیرۆکە پڕ لە تراژیدیایە لە عەلی بشارنەوە، لە تەمەنی گەورەییدا بەو نهێنیە ئاڵۆزە بزانێ، زۆر زەحمەت دەبێت و دەبێتە هۆی شۆک و گرێی ئاڵۆز و کار لە کەسێتی ئەو دەکات.

عەلی دەڵێ: کوبرا حەمید پوری دایکم نەخوێندەوار بوو، بەڵام ئەزمونی تاڵی ژیان وای قاڵ کرد بوو زۆر زیرەک و وریا بوو، یەکسەر و کتوپر نهێنییەکەی پێ نەوتم، لە تەمەنی (٦) ساڵیدا، بە شێوەیەکی زۆر سروشتی هەستم کرد من منداڵی ئەو خانەوادەیە نیم، بەڵام کوبرا حەمید پور هەر ئەو دایکە میهرەبان و پڕ سۆزە بوو کە لە تەمەنی سێ مانگییەوە لە باوەشی خۆیدا گەورەی کردم، براکانم هەر براکانی جاران بوو، هەستم بە هیچ خەمێکی بێ نازی دایکم و براکانم نەکرد، هەڵسوکەوتەکانیان هەمان هەڵسوکەوتی ناز و خۆشەویستی و میهرەبانی جاران بوون.

فەریدی برام (١١) ساڵ لە من گەورەتربوو، بڕوانامەی دبلۆمی وەرگرتبوو، سەعیدی

برام (١٤ )ساڵ لە من گەورەتر بوون خوێندنی سەرەتایی تەواو کردبوو، لەبەرئەوە من برا بچوکیان بووم، زۆریان خۆشدەویستم، نازی برایانەیان دەکێشام. لە منداڵییەوە حەزم لە یاری دوو گۆڵی بوو، لەگەڵ عەلی دادی هاوڕێمدا پێکەوە دەگەڕاین، یاریمان دەکرد، ئەو خۆشەویسترین هاوڕێم بوو، منداڵانی گەڕەک تیپێکمان لە کۆڵانی (کارخانەی ماکارونی ئادیش) دروست کرد و زۆربەی ئێواران یاری دووگۆڵیمان لەگەڵ تیپی کۆڵان و گەڕەکەکانی تردا دەکرد. لە ئێران قۆناغی خوێندنی سەرەتایی (٥) ساڵە و لە قوتابخانەی شاهیدی (١٧)ی سەرەتاییم تەواو کرد.
لە تەمەنی (٧) ساڵیدا، کارتی سەوزیان بۆ دەرهێناوم بە ناوی (اتباعی خارجی)، دواتر ئەو کارتە سەوزەیان کرد بە کارتی سپی.
جمهوری اسلامی ایران
کارت هویت ویژه اتباع خارجی ٩٢٢٢٦٠٧٣٢

نام: علی
نام خانودگی: کیانی پور
نام پدر: ÆNJơƸǭ
تاریخ تولد ١٣٦٦/٠١/٠١ تابعت: عراق اجازه دارد
تا تاریخ ١٣٨٨/١٢/٢٩ درشهرستان مشهد
اقامت و تردد نماید: استان خراسان
سید تقی قاتمی
مدیر کل امور اتباع مهاجرین خارجی

لەبەرئەوە دایکم میهرەبانی و هەستی دایکایەتییەکەی زۆر گەورە بوو کە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە، خواردنی بۆ ئامادە دەکردم، سۆزی خۆشەویستی دایکایەتی بەجۆرێک پێ دەبەخشیم، پێکەوە نانمان دەخوارد، دواتر دەچووم وانەکانم ئامادە دەکرد و دەمخوێند و یاریم دەکرد، هیچ کاتێک هەستم بەبێ دایکی نەکردووە، هەر بیریشم لەوە نەدەدەکردەوە کە ئەمە دایکی خۆم نییە!
هیچ کام لە هاوڕێکانی پۆلەکەم لە قوتابخانەکەم نەیاندەزانی من هەڵەبجەییم تەنیا بەڕێوەبەر و مامۆستاکان نەبێت، ئەوانیش هەمیشە بە دڵسۆزو میهرەبانییەوە

هەڵسوکەوتیان لەگەڵمدا دەکرد، هەردوو برا گەورەکەم ژنیان هێنابوو، ماڵی خۆیان هەبوو، تەنیا من دایکم پێکەوە دەژیاین، لە ساڵی ١٣٧٧ چومە قۆناغی ناوەندی لە رێنمایی (شاهدی ١٣) لە محلەی شەهید شیرودی، بە سێ ساڵیش ئەم قۆناغەم تەواوکرد، دواتر چومە قۆناغی دواناوەندی لە دبیرستانی شاهدی فیردەوسی ئەم قۆناغە چوار ساڵە، دوای تەواوکردنی دبیرستان بڕوانامەی دبلۆمم لە ساڵی (١٣٨٥ - ١٣٨٦) وەرگرت.

هێشتا خوێندکاری قۆناغی چوارەمی دبیرستان بووم، لە (١٣٨٥/١١/١٧) ماتۆرێک لە کۆڵانی ماڵی خۆمان بەتیژی و توندی لە لاقی ڕاستی دایکمی دا، ئێسقانی ران و شانی شکاندبوو، ئەو کاتە دایکم تەمەنی (٥٥) ساڵ بوو، سێ مانگ دایکم بەدەم ئازاری رانییەوە لەسەر پێخەفەکەی دەتلایەوە، منیش بەدەم خەمێکی قورسەوە وام دەزانی هەموو ئازارەکانی ئەو بە جەستەمەوەیە لە ١٣٨٥/١١/١٧ دایکم لە نەخۆشخانە گیانی سپارد لە ١٣٨٥/١١/١٩ لە گۆڕستانی (بهشتی ڕەزای مشهد) بەخاکمان سپارد، ئەو ڕۆژەی دایکم گیانی سپارد لە تاوا بە توندی دەستم کێشا بە شوشەی پەنجەرەکەدا، شوشەکە شکا و پەنجەمی بڕی تا ئێستاش شوێنەواری برینەکە بە پەنجەمەوە دیارە.

## تەنیایی

کە دایکم ماڵئاوایی یەکجاری لێ کردم، تەمەنم ١٨ ساڵ دەبوو، سەردانی براکانم دەکرد، دایکم بە جۆرێک لە ناخ و ویژدانمدا دەژیا، تا مانگێکیش هەستم بەوە نەدەکرد مردووە، دواتر هەستم بە تەنیایی و بێ کەسی دەکرد، زیاتر لە ٧ مانگ جلی ڕەشم پۆشی، ڕیشم نەتاشی، دایکم هەموو هیوا و ئاواتێکم بوو، ئەو منی جۆرێک پەروەردە کردبوو، هەموو سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی و بەها جوانەکان و مرۆڤایەتی و ژیانم لە زمانی شیرینی ئەودا دەبینی، باوەشی دایکایەتی و ڕێنماییەکانی ئەو بۆ من قیبلەنما بوو، ئەو فێری کردم بڕوام بە خۆم هەبێ، خۆم داڕێژم، پشت بە خۆم ببەستم، دەبێ بە سەر ئاستەنگەکانی ژیاندا زاڵبم ڕۆژێک پورە فاتیمە حومید پورم بینی وتی: - عەلی وەرە لەگەڵ ئێمەدا بژی، منیش هەر وەک دایکت تۆم خۆشدەوێت، تۆش وەک کوڕ و کچەکانی خۆم خۆشدەوێت، چیت بوێت، بۆت دابین

دەکەم، ئامادەم قۆناغی زانکۆت پێ تەواو بکەم!
هەرچەندە پورم زۆر خۆشدەویست، دەمزانی ئەویش دڵسۆزمە بەڵام نەمتوانی داواکەی پەسەند بکەم، بە پێی ڕێنماییەکانی دایکم دەمویست پشت بە خۆم ببەستم، کەس نەخەمە زەحمەتەوە، بە هۆی ئەو هەلومەرجە دژوار و نائاساییانەوە ڕووبەرووی من بونەوە نەمتوانی زانکۆ تەواو بکەم.
دوای مەرگی پڕ لە تراژیدیای دایکم بۆ یەکەم جار دەستم کرد بە کارکردن لەگەڵ ئەو ئەندازیار و شارەزایانەی کە ڕوپێوی ڕێگاوبانەکانیان دەکرد، مانگی بە ١٠٠ هەزار تمەن، ساڵێکی تەواو بە بەردەوامی ئەو کارەم کرد، بۆ ساڵی دووەم بووم بە کارمەند لە دەزگایەکی هونەری (موئەسەسەی هونەریە سریر) دیزاینی پۆستەر و فلێکس و چاپکردن بوو، مانگی بە ١٠٠ هەزار تمەن.
لەو کاتەوەی تەمەنم بەرەو هەڵکشان دەچوو، زانیم خەڵکی شاری هەڵەبجەم و پێیان وتم: دایک و باوکم لە هەڵەبجە بەهۆی کیمیابارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە شەهید کراون و منیش بە بریندای و بەڕێکەوت ڕزگار کراوم.
هەندێک جار خۆم لەگەڵ ناخ و زمانی خۆمدا دەدوام، چەندین پرسیار لە لام سەریان هەڵدەدا، بەڵام پرسیارەکان تەنیا لە ناخی خۆمدا دەمایەوە، بە پێی ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان روو بە ڕووی هیچ کەسێکی بکەمەوە، پرسیارە ئاڵۆزە بێ وەڵامەکانی ناخم بە جۆرێک دڵتەنگی دەکردم، وامدەزانی ماناکانی ژیان پڕن لە گومان و نائارامی، بەڵام کە ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی دایکم بیر دەکەوتەوە، وا دڵخۆشی خۆم دەدایەوە، (مرۆڤ دەبێت لە هەموو کێشە و خەم و ئازار و تاڵییەکانی ژیان بەهێزتر بێت).
دوای ماڵئاوایی دایکشم هەر لەو شوقەیەدا دەژیام، کەهەموو تەمەنم تیا بەڕێ کردبوو، هەستم کرد پێویستی بە چاککردنە بەڵام پارەی چاکردنەوەیم نەبوو، ناسنامەی باری شارستانی و پەساپۆرتم نەبوو، پارەیەکی وام پێ نەبوو سەردانی هیچ شارێکی کوردستان بکەم، ئەو پارەیەی کەمانگانە لە کارەکەم بە دەستم دەهێنا تەنیا بەشی پێداویستیەکانی ژیانی خۆمی دەکرد، هیچم لێ پاشکەوت نەدەکەوت تا بتوانم بەرنامەیەکی تری پێ جێبیەجێبکەم.
## ئیمێڵەکە نهێنی گرێکانی کردەوە
هەموو ساڵێک لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە دا، دیمەنی مەرگەساتی کیمیابارانی

شارەکەم سەراپا بیر و هۆشی داگیردەکردم، مەرگی بە کۆمەڵ ئەو شارە بە جۆرێک بوو، ویژدانی مرۆڤایەتی شەرمەزار دەکرد، بیرم لەوە دەکردەوە من خەڵکی ئەو شارەم و بە کۆرپەی ونبوم، دایکم و باوکم و خەڵکی شارەکەم لەوێدا شەهید بوون، نەمدەزانی ڕوخساری باوکم و دایکم چۆنە، خەمێکی قوڵ ناخی داگیر دەکردم، ئازارێکی تاڵ و تیژ دڵ و مێشکمی بە جۆرێک دەهەژاند.. لەو نهێنیە نەدەگەیشتم.. چۆن کۆرپەیەکی سێ مانگی وەک من لە ناو ئەو هەموتەمی ژەهرەدا بە برینداری لە مەرگ قوتار کراوە، نهێنی پڕ لە پەنهانیەکی گەورە بوو، کوبرا حەمید پوور بوو بە دایکم و هەموو توانای خۆی خستەگەڕ لە مانا قوڵ وجوانەکانی بەهای میهرەبانی سۆزی دایکایەتی بگەم، تا دوا هەناسەم یادەوەرییە بەخشندەییەکانیم لە یاد ناچێتەوە.

دواتر عەلی توانی خۆی فێری کۆمپیوتەر بکات، لە ئەنترنێتەوە بە ڕێگای ئیمێڵەوە هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆی بخاتە کار بۆ ئەوەی وەڵامی نهێنی ئەو پرسیارە بێ وەڵامە کەڵەکەبوانەی ناو ناخی کپکراوی خۆی بداتەوە، بەڕێگەی ئێمێڵەوە نامەی نارد بۆ چەندین ساید، وەڵامی پرسیارەکانی برەوێنێتەوە، دواتر نامەیەکی نارد بۆ سایتی ئەنجومەنی حمیایەتی قوربانیانی بۆمبابارانی کیمیایی، بەڕێوەبەرەکەیان (دکتۆر شهریاری خاتری) بوو لە تاران.

ئەمەش دەقی ئێمێڵەکەی عەلی-یە بە کوردی

سڵاو

من عەلی کیانی پور لە دایک بووی ١٣٦٦ هەتاوی لە کۆرپەییدا و لە تەمەنی ٣ مانگی دا باوک و دایکم لە بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە لە دەستداوە، ئێستا ژیانێکی سەخت بە سەردەبەم، نە ئێرانیم و نە عێراقی، لەبەرئەوە خۆم بە قوربانیانی کیمیابارنی هەڵەبجە دەزانم، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم ئێمێڵم بۆ ناردن هاوکاریم بکەن.

ئیمێڵ: ali_pajiro@yahoo.com علی کیانی پور

ئەمەش دەقی نامەکەی عەلی-یە لە لایەن دکتۆر شهریاری خاتری بەڕێوەبەری ئەنجومەنی حیمایەتی قوربانی بۆمبارانی کیمیایی-یە.

بە ناسینی ئێوە زۆر خۆشحاڵ بووم، حەز دەکەم بە زوترین کات یەکتری ببینین، ئەمەش ژمارەی تەلەفونی منە، تەلەفونی ئۆفیسی دەزگایە، دەتوانی پەیوەندیم پێوە

بکەیت، تا پێکەوە زیاتر بتوانین لەگەڵ یەک قسە بکەین، زیاتر یەکتر بناسین، تا بزانین چۆن چۆنی هاوکاریتان بکەم.
تەلەفونی ئۆفیس ٠٢١٢٢٤١٧٣٢٧ دکتور شهریاری خاتری

لەو کاتەوە کە عەلی نامەی پڕ موعاناتی خۆی دەنارد بۆ سایدەکان بۆ ئەوەی کار ئاسانی بۆ بکرێت و دەرفەتێکی گونجاودا بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی سۆراخی هەواڵی دایک و باوکی بکات، زۆر کەس لە وەڵامی نامەکانی دا پێیان دەوت :ئێمە هاوکاری و کار ئاسانینت بۆ دەکەین، بەڵام ئەو وەڵام و بەڵێنانەیان نەگەیشتنە ئەنجام.
تا ڕۆژێک عەلی تەلەفۆنی بۆ دکتۆر شهریاری خاتری لە تاران کرد، ئەویش پێی وتبوو: (هەوڵ بدە بێیت بۆ تاران بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە بارەی ئەو کێشە ئاڵۆزەوە بدوێین و ڕێگەیەکی گونجاو دیاری بکەین بۆ چارەسەرکردن، بۆ ئەوەی ژیانی تۆ لەمە زیاتر دژوار و پڕ لە گومان و چاوەڕوانی نەبێت.
عەلی کە گوێی لەم وەڵامەی دکتۆر شهریاری خاتری دەبێت هیوایەکی گەورە بەدی دەکات و دەگاتە ئەو باوەڕەی تەنیا ڕێگەیەک گرێ ئاڵوەزەکانی ژیانی بکاتەوە دکتۆر خاتری یە، لە ساڵی ١٣٨٣-١٣٨٤ بە شەمەندەفەر دەچێت بۆ تاران و ڕوو دەکاتە ئۆفیسەکەی دکتۆر خاتری لە ( مقدسی اردبیل)، دوای ئەوەی چیرۆکی پڕ لە مەرگەساتی خۆی دەگێڕێتەوە، لە کۆرپەییەوە تا ئەو کاتەی لای ئەوان دانیشتبوو، ئەوان بە جۆرێک تێکەڵ بە ئازار و تاڵییەکانی ژیانی عەلی بوون بەڵێنیان پێدا بە پێی توانای خۆیان چییان پێ بکرێت هاوکاری بکەن.
ئاغای دکتۆر شهریاری خاتری یەکێک بووە لە بەشدارانی نێو سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، خۆی بەشداری لە گرتنی هەڵەبجەدا کردبوو، ئەو لە هەموو روەکانی بواری جوگرافیای ئەو شارە و کلتور و کۆمەڵایەتی و باری ئابوری هەڵەبجە و دەوروبەری شارەزا بوو، چەندان وێنەی کیمیابارانی ناوشاری هەڵەبجەی نیشانی عەلی دا، دکتۆر خاتری پزیشکی پسۆری چەکی کۆکوژی کیمیایی بوو، نامیلکەیەکی وێنەی ڕەنگاوڕەنگی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی پێشکەش بە عەلی کرد کە لەلایەن هونەرمەندە فۆتۆگرافەکانی ئێرانەوە ڕاستەوخۆ لە کاری ڕۆژنامەوانی مەیدانی لە ناو تراژیدیای هەڵەبجەدا گرتبوویان.
لەم دیدارەدا عەلی بە پەرۆشەوە و بە خەمێکی قوڵەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی

دەدامەوە، هەرچەندە پرسیارەکان زیاتر یادەوەرییە تاڵە پڕ لە تراژیدیاکانی ئەویان هەژاند و زۆر ماندومان کرد، بەڵام ئەو لە مەبەستی ئێمە دەگەیشت، بۆ ئەوەی بتوانین پەی بە هەموو نهێنیە پڕ لە پەنهانەکانی ئەو ببەین.
عەلی ٣-٤ ساڵ لەگەڵ دکتۆر شهریاری خاتری بەهۆی ئیمێڵەوە پەیوەندیان بەردەوام بوو، بوون بە هاوڕێی یەکتری، عەلی دەڵێ: چەند جارێک سەردانی دکتۆر شهریاری خاتریم کردووە و تەلەفۆنم بۆکردووە، تا دواجار خاتوو چنار سەعد وەزیری شەهیدان و ئەنفال-ی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی تاران-ی کردبوو، ئاغای دکتۆر شهریار خاتری پەیوەندی پێوە کردم، پێی ڕاگەیاندم: (هەوڵبدە بە زووترین کات لە مەشهەدەوە بگەیتە تاران بۆ ئەوەی لە نزیکەوە خاتوو چنار سەعدی وەزیری شەهیدان و ئەنفال ببینیت، ئەو چارەسەرێکی گونجاوت بۆ دیاری بکات).
دواتر عەلی بەخێرایی لە مەشهەدەوە خۆی دەگەیەنێتە تاران، ئەوکات وەزیری شەهیدان و ئەنفال لە ئوتێل (هویزە) لە چوارڕیانی خیابانی تالەقانی بوو لە تاران، هەر ئەو کاتەی من گەیشتمە تاران ئاغای شهریار خاتری بە تەلەفون بە خاتوو چناری گەیاندبوو: (کوڕێکی خەڵکی هەڵەبجەی لە مەشهەدەوە ئێستا گەیشتوەتە تاران، دەمێکە دەیەوێت بتبینێت).
ئەویش وتبوی: من لە ئوتێل (هویزە)م، با بێت بۆ ئەوێ لەوێ چاوەڕوانی دەکەم، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بیبینم و گوێم لە موعاناتی بێت.
عەلی لە دیدارێکی تایبەتیدا بە ئامادەبوونی دکتۆر شهریار خاتری و چەند لێپرسراوێکی دەزگای شەهیدانی ئێران یەکتریان بینی، عەلی لەوێ چیرۆکی تاڵی پڕ لە مەرگەساتی خۆی بە وردی بۆ وەزیر گێڕایەوە.
چنار خان پێی وتبوو: بە پێی ئەو ئامارەی کە لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال لامان تۆمار کراوە، زۆر لە خانەوادەکانی هەڵەبجە لە ڕۆژی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەوە منداڵەکانیان لێ ون بووە، تا ئێستاش عەوداڵی سۆراخیانن، عەلی تۆ لە روخسارتدا دیارە کوردیت! دەبێت بگەڕێیتەوە کوردستانی خوار و بە شاری هەڵەبجە شاد بیتەوە، بۆ ئەوەی بە خانەوادە و کەس و کارەکەت شادبیتەوە.
عەلی پێی وتوە: من پاسپۆرتم نییە، ناتوانم بگەڕێمەوە دوای دوو مانگ دکتۆر شهریار خاتری مۆڵەتی گوزەری بۆ عەلی دەرهێنا، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە،

بەو مۆڵەتە بەڵگەی هاتوچۆیە عەلی لە شاری مەشهەدی ئێرانەوە بواری پێ درا بگاتە شاری سلێمانی و پاشان هەڵەبجە، عەلی لە ١٣٨٨/٧/٢٠ وە لەگەڵ ئاغای فروغی و تەقی پور -ی دەزگای شەهیدانی ئێرانەوە لە مەرزی باشماغەوە لە سنوری قەزای پێنجوێنەوە گەیشتوەتەوە کوردستانی باشور.

# چیرۆکی مەرگەساتی
# خانەوادەی حاجی رەشید

**رەنج عەبدوڵڵا**

جەلال حاجی رەشید ساڵح، لە ساڵی (١٩٤٧) لە گەڕەکی پیر محمەد لە هەڵەبجە لە دایکبووە، بنەماڵەی حاجی رەشید لە چلەکاندا لە خورماڵ دەژیان، لەوێ جوتیار بوون و سەرقاڵی کاری جوتیاری بوون و سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی بوون لە زەوی و زارە کشتوکاڵیەکانی خۆیاندا، (دایک و باوکی) جەلال هەر لە (خورماڵ)دا ماڵئاواییان لەژیان کردووە دوای خۆیان (٤) کوڕ و کچێکیان لەپاش بە جێماوە هەر چوار کوڕەکەی (حاجی ڕەشید) لەخورماڵ داماوەتەوە کاک جەلال لەوێ قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیشی لە (هەڵەبجە) تەواو کردووە لەساڵی (١٩٧٠ -١٩٨٠) لە ئامادەیی پیشەسازی (سلێمانی)تەواو کردووە لە ساڵی (١٩٧٣)دا لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی (سلێمانی) بە پلەی (تێبینەری هونەری)ی دامەزراوە دواتر گوێزراوەتەوە بۆ پڕۆژەی کشتوکاڵی (سیروان) کراوە بە لێپرسراوی میکانیک لە بەرواری (١٩٨٠/٩/٢٠) کە جەنگی (عێراق- ئێران) هەڵگیرسا لەبەرئەوەی خورماڵ و ئەو ناوچانەی دەروبەری لەسەر سنوری ئێران بوو لەو شەڕەدا کەوتنە ژێر زەبری توندی تۆپخانەی ئێران و بە بەردەوامی تۆپباران دەکرا ئەمانیش بە ناچار بۆ پاراستنی ژیانیان لە (١٩٨١) ڕویان کردە شاری (هەڵەبجە) کاک جەلال و هاوسەر و جگەرگۆشەکانی لەیەکێک لەخانوەکانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی (هەڵەبجە) جێگیربوون کەدەکەوێتە گەڕەکی پیرمحەمەد، پشتی قاتعی جەیشی شەعبی ئەوسای ڕژێم لەوێ مانەوە تا ساڵی (١٩٨٨).

## تۆپە دوورهاوێژەکان

جەلال لەبارەی چیرۆکی مەرگەساتی خانەوادەکەی و شارەکەیەوە بەوردی و بەهێمنیەوە کارەساتەکانی بۆگێراینەوە دوو سێ ڕۆژ بەرلە هێرش هێزی پێشمەرگە و پاسدارانی ئێران دەنگ و باسی ئەو هێرشە لەناو (هەڵەبجە)دا بڵاوبوەوە، بەڵام خەڵکی (هەڵەبجە) زۆر گرنگیان بەو بارودۆخە نا ئاساییە کتوپڕە نەدەدا، چونکە (هەڵەبجە) بە درێژایی تراژیدیانە خوێناویەکانی گەلەکەمان ڕوبەڕوی قوربانی و دەربەدەری خاپورکردن بووە لە (١٩٨٨/٣/١٣) ئێمە لەناو (هەڵەبجەوە) گوێمان لەدەنگی تەقینەوە تۆپبارانی چڕو و پڕ و قوڵ و بەربڵاوبوو دەورو بەری (هەڵەبجەی) دەگرتەوە، هەندێک جار ئەو تۆپبارانە ناو هەڵەبجەشی ئەگرتەوە لەشەوی ١٤ لەسەر ٣/١٥ هێرشی پێشمەرگە و پاسداران زیاتربوو، تۆپبارانەکەش زیاتر سەر پردەکەی زەڵم ناوچەی (نەوڕۆڵی وشەمێرانی)ی بەچڕتر دەگرتەوە ئێران دەیویست گەمارۆی (هەڵەبجە) بدات تۆپخانەکەی ئێران بە شێوەیەکی وا ئەو ناوچانەی تۆپباران دەکرد بواری نەدەدا هێزەکانی عێراق لەسەیدسادق سلێمانیەوە بێن بەهانای هێزە تێکشکاوەکانیانەوە ئەو کاتانە هێزەکانی فەیلەقی یەک و فەیلەقی پێنج بە نوێترین چەکی تەکنەلۆژیایی نویی لەئەنفالی یەکدا هێرشیان دەکردە سەردۆڵی جافایەتی ومەرگە لە (١٩٨٨/٣/١٥) تۆبارانە چڕکە زیاتر ناوچەی (سیروان)و دەوروپشتی (هەڵەبجەی) ئەگرتەوە بەتایبەتی (دەڵەمەڕ و بامۆک و سازان) هێزی پێشمەرگە و پاسداران لە پردی سازان گەیشتە سەربەرزایەکانی سنوری باڵامبۆ لەقوڵێکی ترەوە هێزەکان پەلاماری ناوچەی (نەورۆڵی و سیروانیان)دا بەشێوەیەک هێزەکانی سوپای عێراقیان بەتەواوی لە (ڕوی مادی و مەعنەوییەوە) تێکشاند لە ڕۆژی (١٤، ١٩٨٨/٣/١٥) چەند قاتیلە و دەبابە و چەند ئوتومبێلێکی سەربازی راجیمە و تۆپیان پێبوو لە ناوچەی پیرمحەمەد لەسەرجادەکە بەرەو شەڕگەکە جوڵان ئەوەی مایەی تێرامانە هێزی ئاسمانی عێراق لە ماوەیەدا هیچ جۆرە جموجوڵێکیان نەکرد لە (١٩٨٨/٣/١) هێزی پێشمەرگە و پاسداران گەیشتنە دەوروبەری (هەڵەبجە) لەو کاتەدا هێزی ئاسمانی عێراق دووجار بۆردومانی ناوچەی (دەڵەمەڕ و عەبابەیلێ) بەرزایەکانی گوندی بامۆکیان کرد هەر لەو ماوەیەدا سێ کۆپتەری عێراق چەند جارێک لەپشتی عەنەب ئینزالیان کرد چەند سەربازێکیان دابەزاند لە ماوەیێکی کورت